# حوكمی ناشتنی موو له‌ نێوچاوانێكی یان وپۆڕدا

[ kurdish – كوردی – كردي ]


شێخ موحه‌مه‌د صاڵح المنجد



وه‌رگێڕانی: ده‌سته‌ی به‌شی زمانی كوردی له‌ ماڵپه‌ڕی ئیسلام هاوس

پێداچونه‌وه‌ی: پشتیوان سابیر عه‌زیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حكم زراعة الشعر في الجبهة العريضة

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی ناشتنی موو له نێوچاوانێكی پان وپۆڕدا

**پرسيار** : سەبارەت بە ناشتنی موو : من ئافرەتێكی گەنجم و تەمەنم سی ساڵە... كاتێك لەدایك بووم نێوچاوانم پان وپۆڕ بوو، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی تووشی ئیحراجیەكی زۆر بووم لەنێو خەڵكدا، بە تایبەتی كاتی دەرچوونم لەماڵ، بۆیە هەستام بە شێوەیەك قژم قرتاند كە هەندێكی بهێنمەوە بەسەر نێوچاوانمدا، بۆ ئەوەی كەمێك لەو نێوچاوانە پانەی پێ بشارمەوە، بەڵام زۆر جار چاوەكانمی نارەحەت دەكرد بۆیە ناچاربووم هەڵی بدەمەوە بەڕووی دواوەدا، بەڵام خەڵكی زۆر سەرنجیان دەدام، بۆیە منیش تووشی ئیحراج بووم، هەندێك خەڵكیش ئامۆژگاریان كردم كە نێوچاوانم بە موو بشارمەوە، وایان دەزانی كە من نازانم كە نێوچاوانم گەورەیە، بووم بەمایەی سەرنجی خەڵكی، پرسیاركەی من ئەمەیە، ئایا دروستە كە موو لە پێشی سەرمەوە بڕوێنمەوە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

حوکمی ناشتنی موو، هەمان حوکمی نەشتەرگەریەکانی جوانکاری هەیە، ئاشکرایە نەشتەرگەری جوانکارییش حوکمەکەی لە دوو حاڵەت بەدەر نییە :

**حاڵەتی یەکەم** : مەبەست لێی لابردنی عەیب و عارێکە، بە شێوەیەك ئەگەر کەسێك تووشی ڕوداوێکی هاتووچۆ یان سوتان بووبێت و ئەندامەکانی لەشی دووچاری نوقسانی و عەیبێك بووبێت، لەم کاتەدا مەبەست لە نەشتەرگەری جوانکاری گەڕانەوەی ئەو جوانیە بێت کە پێشتر بەوهۆیەوە ناشیرین بووە، ئەم جۆرە لە نەشتەرگەری دروستە و ڕێگا پێدراوە لای زانایان، چونکە دەچێتە چوارچێوەی چارەسەکردن و تەداوی کردنەوە .

**حاڵەتی دووەم** : مەبەست پێی زیاتر جوانکاری و دەستکاری کردن بێت بەبێ هچ هۆیەك، ئەمەش دورست نییە و زانایان ڕێگایان پێ نەداوە، چونکە دەچێتە چوار چێوەی دەستکاری کردن و گۆرینی خەلق و دروستکراوەکانی خوای گەورەوە.

لەسەر ئەم بنەما و دابەشکردنە، ئەگەر هاتوو نەبوونی موو لەسەر ناوچاوان و تەوێڵت دەبوویە هۆی شێواندن و تێکدانی وێنە

و سیما و ڕوخسارت، و وای لێهاتبوو خەڵکی زۆر سەرنجیان دەدایت و لێی وورد دەبونەوە، ئەوە دروستە جەنابت هەڵبسیت بە ناشتنی موو لەو ناوچەیەی کە عەیبە وعارەکەی پێوە دیارە، ئەمەش وەك ووتمان دەچێتە چوار چێوەی چارەسەکردن و تەداوی کردنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت لەکاتی چوونە دەرەوەدا هەوڵ بدرێت ئەو جوانکاریە زۆر بە پێش چاوی خەڵکیەوە نەبێت و نەبینرێت، چونکە ئەصڵ وایە هەموو ئەوانە بشاریتەوە و خەڵکی بێگانە نەیبینێت ..

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .